# خوێندنەوەیەکی قانوونی لە ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا

## دوکتۆر نوری تاڵەبانی

لە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا لە ٢٤ ی ئابی ٢٠٠٥ بۆ کۆڵینەوە دەربارەی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی عێراق بەسترابوو. چەند تێبینیێکم دەربارەی ئەو ڕەشنووسە دەربری کە چەند سەعاتێك پێش کۆبوونەوەکە بە دەستمان گەیشتبوو. لێرەدا چەند تێبینیەکی تر سەبارەت بەو دۆکیمەنتە دەستووریە دەخەمە بەرچاو کە سیستەمی فەرمانڕەوایی بۆ عێراق و پەیوەندی هەرێمی کوردستان بە حکومەتی ناوەندیەوە دیاری دەکات، ئەو پەیوەندیەی کە زیاتر لە ١٤ ساڵە نەماوە، بەڵام گەر ئەو ڕەشنووسە پەسەند بکرێت ئەوا بە پێی ئەو دەستوورە ڕێکدەخرێتەوە. لە میانی تاوتوێکردنی بەندەکانی ئەم ڕەشنووسە بیروراگۆڕینەوەم لەگەڵ چەند قانوونناسێکی تر کردووە و گوێم لە راو بۆچوونی جیا جیا بووە کە بەشێکیان بلاّو نەکراونەتەوە. جارێکی تر دەستخۆشیو ماندوونەبوون لە شاندی کوردستان دەکەمەوە بۆ هەڵوێستی یەکگرتوویان و هەوڵ و کۆششەیان بۆ چەسپاندنی بەشێکی زۆر لە داواکاریەکانی گەلەکەمان لەو ڕەشنووسەدا. دانوستان و گوفتوگۆ لەگەڵ نوێنەرانی لایەن و گرووپی سیاسیی عێراقی عروبەویو مەزەبی توندرەو کارێکی ئاسان نییە، شاندی کوردی بە بینێکی درێژەوە دانوستانی لەگەڵ کردوون، جگە لەوەش لەژێر گوشاری چەند دەوڵەتێك بوون کە پەلەیانە لە ئامادەکردن و پەسەندکردنی ئەو ڕەشنووسە. تێبینیەکانم بۆ ڕوونکردنەوەی بنەما سەرەکیەکانی ئەو ڕەشنووسەیە، ئەویش بە شیکردنەوەی "دیباجە"و بەندەکانیو بەراوردکردنیان لەگەڵ بەندەکانی ئەو پرۆژەی کە (لیژنەی پشتگیری کردن لە فراکسیۆنی کوردستان لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی) ئامادەی کردبوو. ئەو بروٚژەیە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەموو پشتگیریان لێ کردووە، چونکە داواکاریەکانی گەلی کوردستان تێدا گەلاّڵە کرابون. لەو پرۆژەیەدا نە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کراوەو نە عێراق بکرێت بە دەوڵەتێکی کۆنفیدراڵی، کورد داوای عێراقێکی فیدراڵی کردووە کە تێیدا مافە سەرەکیەکانی زامن کرابن. ئاماژەش بۆ بەشێك لە بەندەکانی قانوونی بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ ماوەی گواستنەوە دەکەم کە کاری پێ دەکرێ تا ئەو دەمەی ڕەشنووسەکە پەسەند دەکرێت و هەڵبژاردنێکی تازە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ ئەنجام دەدرێت، گەر هەموو شتێك بە پێی ئەو قانوونە جێبەجێبکرێت. لە حاڵەتی ڕەتکردنەوەی ڕەشنووسەکە، کار بەو قانوونە دەکرێت تا هەڵبژاردنێکی نوێ ساز دەکرێت و لیژنەیێکی تازە دادەمەزرێت بۆ نووسینەوەی ڕەشنووسێکی تر.

سەبارەت بە "دیباجە"ی ئەو ڕەشنووسە، خوازیاربووم ئاماژەیێکی بکردبا بۆ چۆنیەتی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق، چونکە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەو تایفەگەری حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لە ئاکامی چۆنیەتی دروستکردنی ئەو دەوڵەتە پەیدابووە. ئەم سیاسەتە بێباوەرێکی قووڵی بە حکومەتی ناوەندی لێ پەیدابووە و ڕەنگیشی داوەتەوە لە نێو پێکهاتەکانی عێراقدا کە هەموو کەسێك ئەمرۆ هەستی پێ دەکات، بۆیە گەر دەستووری هەمیشەیی عێراق چارەسەری ئەم کێشەیە نەکات، ئەمیش وەك دەستوورەکانی لەمەوبەر نووسینێکی سەر کاغەز دەبێ و بە جیدییەتەوە کاری پێ ناکرێت.

خوێندنەوەم بۆ ئەو ڕەشنووسە وەك قانوونناسێکی کوردی پەرۆشە بۆ چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردستان لەم ڕەشنووسەدا کە پاش پەسەندکردنی، دەبێتە دەستوور بۆ عێراق. گەر لەو دەستوورەدا دوا ڕۆژی کوردستان بە ڕوونی دیاری نەکرێت و بەندەکانی ڕێگا نەگرن لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانانەی دژ بە گەلی کورد کراون، جارێکی تر تووشی نەهامەتیو سەرگەردانی دەبینەوە. ئەو بەندانەی لەم ڕەشنووسەدا مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا چەسپێنراون پشتگیریان لێ دەکەین، بەڵام دەبێ راووسەرنجی خۆمان دەربارەی ئەو بەندانەی بە نارێکی و لێڵی دارێژراون دەربرین و پەنجە بخەینە سەر کەمو کورتیەکانی ڕەشنووسەکە.

ئەم ڕەشنووسە پێکهاتووە لە ١٥٣ بەندو دابەشکراون بەسەر شەش دەروازەدا. بنەما سەرەکیەکانی ئەو ڕەشنووسە لە بەندەکانی یەکەوە تا سیازدە دیاریکراون و کۆمەڵێك پرەنسیپی چاکیان تێدایە. بەشێك لە بەندەکانی ئەم ڕەشنووسە پەیوەندیان بە مافەکانی

گەلی کوردستانەوە هەیە، ئەوانی تر بۆ دابینکردنی ماف و ئازادیە گشتیەکانی هەموو هاولاتیانی عێراق. لێرەدا ئاماژە بۆ ئەو بەندانە دەکەم کە پەیوەندیان بە مافەکانی گەلی کوردستانەوە هەیە کە بەشێکی زۆریان بە دەستکەوت دەزانم، بە تایبەتی:

١. سیستەمی "ئیتیحادی" (لە جیاتی وشەی فیدرالی بەکارهاتووە) پەسەندکراوە بۆ حوکمرانی کردنی عێراق، هەرچەندە ناوی"کۆماری عێراقی ئیتیحادی"لە رەشنووسەکەدا نییە کە ئەمەش ئاکامی قانوونی لێ دەبێتەوە، وەك پاشتر روونی دەکینەوە.

٢. زمانی کوردی لەپاڵ عەرەبی زمانی فەرمی دەبێ لە عێراقدا، هەروا دەبێ هەردوو زمانەکە لەلایەن دەزگاکانی هەرێمی کوردستانەوە بەکاربێن، زمانی تورکمانیو سریانی زمانی خوێندن دەبن بۆ تورکمان و کلدان و ئاشوری، بە هەمان شێوە بۆ پێکهاتەکانی تری عێراق کە دەتوانن زمانی خۆیان بۆ خوێندن بەکاربێنن. لەو شوێنانەی تورکمان و ئاشوریو کلدان لێی نیشتەجینە، زمانی تورکمانیو سریانی زمانی فەرمی دەبن بۆ کاروباری کارگێریو سیاسیو رۆشنبیریو خوێندن. ئەم بەندە بە پشتگیری شاندی کوردی لە رەشنووسەکەدا چەسپێنراوە.

٣. رەشنووسەکە ئیلتیزامێکی دەستووری خستووەتە سەرشانی دەوڵەتی عێراق کە دەبێ دژایەتی تێرۆر بە هەموو شێوەکانی بکات.

٤. ئالاو درووشم و سروودی نیشتمانی عێراقی دەستکاری دەکرێن بە پێی قانوون کە تێیدا دەبێ ئاماژە بکرێت بۆ پێکهاتەکانی گەلی عێراق. ئالای ئێستای عێراق کە رژێمی بەعس دایناوە ئومێدەوارین جارێکی تر چاومان پێی نەکەوێتەوە.

٥. هاولاتیانی عێراقی مافی ئەوەیان دەبێ جگە لە دەوڵەتنامەی (جنسیەی)عێراقی، دەوڵەتنامەی تریان هەبێ، ئەمەش مافێکی رەوایەو لە دەستووری چەند دەوڵەتێکی تردا ئەم مافە بە هاولاتیانیان دراوە(حق حمل جنسيات متعددە).

٦. هاولاتیانی عێراقی بە ژن و پیاوەوە یەکسانن و مافی بەشداریکردنیان دەبێ لە کاروباری گشتیدا. رەشنووسەکە رێژەیێکی دیاریکردووە بۆ بوونی خانمان لە ناو ئەنجومەنی نوینەرایەتی عێراقی بە ٢٥٪ ، وەك ئەو رێژەی لە قانوونی کاتی بەرێوەبردندا هەیە.

٧. لە دەروازەی دووەمی رەشنووسەکەدا (بەندی ١٤ تا ٤٥) کۆمەڵێك لەو مافانەی پەیوەندیدارن بە مافی مەدنیو رامیاریو ئابووریو کۆمەلایەتیو رۆشنبیریەوە هەیە چەسپێنراون. لە بەشی دووەمی هەمان دەروازەدا بە وردی باسی لە ئازادیە گشتیەکان کراوە.

٨. کۆمسیۆنێکی سەربەخۆ بۆ دابینکردنی مافەکانی مرۆڤ بە پێی بەندی ١٠٠ی رەشنووسەکە دادەمەزرێو هەموو دەزگاکان دەبێ هاوکاری لەگەڵدا بکەن، بەلام ئەو کەسانەی لەو کۆمسیۆنەدا کار دەکەن دەبێ کەسانێکی پاك و لێوەشاوە بن ولەژێر رکێفی حیزبە دەسەلاتدارەکاندا نەبن تاکو بتوانن ئەرکەکانی سەرشانیان بە باشی جێبەجێبکەن.

٩. بە پێی بەندی ١٠٣و ١٠٤ چەند دەستەیەك دادەمەزرێن، یەکێکیان بۆ زامنکردنی مافی هەریم و ئەو پارێزگایانەی بە هەرێمێکەوە نەبەستراون بۆ مسۆگەرکردنی بەشداریان بە شێوەیێکی دادپەروەرانە لە ئیدارەی دەزگاکانی ناوەندیو دابەشکردنی زەمالەی خوێندن و بەشداریکردنی نوێنەرانیان لەو کۆنگرانەی لە ناوچەکەو لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی عێراق بەشداریان تێدا دەکات. دەستەی دووەم تایبەتە بە چاودێریکردنی چۆنیەتی تەرخانکردنی داهاتەکانی دەوڵەتی ئیتیحادیو دابەشکردنی ئەو منحەو یارمەتیو قەرزە نێو دەوڵەتیانەی بە حکومەتی ناوەندی دەدرێن، تاکو بە شێوەیێکی دادپەروەرانە بەسەر هەرێم و پارێزگاکاندا دابەش بکرێن. ئەو دەستەیە بە ووردی دەبێ بکۆڵێتەوە لە شێوەی بەکارهێنانی داهاتەکانی دارایی ئیتیحادیو دابەشکردنیان بە جۆرێکی روون ودیارو شەفاف.

١٠. رەشنووسەکە دانی ناوە بە هەرێمی کوردستان و دەسەلاتەکانی ئێستای، هەروا تێیدا نوسراوە کە کار بەو قانوون و بریارانە دەکرێت کە لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە دەرچوون، مەگەر هەموار کرابن یان هەڵوەشابێتنەوە لەلایەن دەزگاکانی هەرێمەوە، یان بە پێچەوانەی بەندە سیادیەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق بن. هەموو هەرێمێك بە پێی ئەم رەشنووسە دەتوانێ دەستوورێك پەسەندبکات "بۆ دیاریکردنی هەیکەلی دەسەلاتەکانی لەگەڵ دەستنیشانکردنی میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو دەسەلاتانە، بەمەرجێ بە پێچەوانەی بنەماکانی ئەم دەستوورە نەبن" (بەندی ١١٧). لەو باوەرەدام لە پاشە رۆژدا کێشە دروست دەبێ لە نێو دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی ناوەندیدا، گەر دەستووری هەرێمی کوردستان هەموو داواکاریەکانی گەلی کوردستانی تێدا بێت، کە دەبێ واش بێت، چونکە بەشێکی زۆر لەو داواکاریانە لە رەشنووسەکەدا دانیان پێدا نەنراون. دەزگاکانی هەرێمەکان دەسەلاتی قانووندانان و راپەراندن و دادوەریان دەبێ کە بە پێی دەستووری خۆیان دیاری دەکرێن، بەلام دەبێ رەچاوی ئەو دەسەلاتانەش بکرێت کە دەسەلاتی تایبەتن بە حکومەتی ئیتیحادیەوە( پەرەگرافی یەکەمی بەندی ١١٨). لە بەندی سیازدەش تەئکید لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە دەستووری عێراق

قانوونی بالاّ دەستەو دەبێ کاری پێ لە هەموو عێراقداو هەر دەقێك لە دەستووری هەرێمێك بە پێچەوانەی ئەم دەستوورە بێ بە بەتاڵ دەدرێتە قەڵەم و کاری پێ ناکرێت.

١١. پەرلەمانی هەرێمەکان دەسەلاّتی هەموارکردنی قانوونی ئیتیحادیان دەبێ گەر نەگونجاو بن لە گەڵ دەستوورو قانوونەکانی هەرێمدا، بە مەرجێك ئەو دەسەلاّتانەی کە بەو قانوونە ئیتیحادیانە رێکدەخرێن لە دەسەلاّتی حکومەتی ئیتیحادی نەبن (پەرەگرافی دووەمی پەندی ١١٨).

١٢. حکومەتی ئیتیحادی وحکومەتی هەرێمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەکان پێکەوە سیاسەتی ستراتیجی بۆ پێشخستنی سامانی نەوت و گاز بۆ بەدیهێنانی زۆرترین سوود بۆ گەلانی عێراق دادەرێژن، لەسەر بنەمای تەکنەلۆجیای نوێ و بنەمای بازارو هاندانی بەرهەمهێنان (برگەی دووەمی بەندی ١١٠). نەوت و گاز بەپێی بەندی ١٠٩ ی رەشنووسەکە موڵکی گەلی عێراقەو، بە پێی بەندی ١١٠ حکومەتی ئیتیحادی بەرپرس دەبێت لە ئیدارەکردنی ئەو نەوت و گازەی لە کێڵگەکانی ئێستا دەریان دێنن، بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەریمەکان و پارێزگا بەرهەمهێنەکان و داهاتەکەشی بە شێوەیێکی دادپەروەرانە دابەش دەکرێت کە بگونجێت لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوواندا.

١٣. هەرێم و پارێزگاکان دەتوانن ئۆفیسی تایبەت بە خۆیان بکەنەوە لەناو سەفارەت و نێردراوەکانی دەرەوەی عێراقدا، بۆ دابینکردنی کاروباری رۆشنبیریو کۆمەلاّیەتیو گەشەپێدان لە هەرێم و پارێزگاکاندا (پەرەگرافی چوارەمی بەندی ١١٨)

١٤. حکومەتی هەرێم بەرپرس دەبێت لە کاروباری ئیداری لە سنووری هەرێمی خۆی، بەتایبەتی " لە پێکهێنان و رێکخستنی هێزی ئاسایشی ناوخۆیی وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم".

١٥. پەندی ١٣٦ رەشنووسەکە ئاماژە بۆ جێبەجێکردنی بەندی ٥٨ ی قانوونی کاتی بەرێوەبردنی دەوڵەتی عێراق دەکات و باس لە ئاسایکردنەوەو رێکخستنی سەرژمێریو ئەنجامدانی رێفەراندۆمێك لە کەرکوك و ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە دەکات، بۆ دیاریکردنی خواستی هاولاّتیان لەو ناوچانەدا، بە مەرجێك پێش ٣١ کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ ئەنجام بدرێن.

لەپاڵ ئەم هەموو دەستکەوتانە کە بەشێکیان تایبەتن بە داواکاریەکانی گەلی کوردستان و ئەوانی تر بۆ گەلاّنی عێراق، دەبێ ئاماژە بۆ کەموکورتیەکانی بکرێت، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە داواکاریەکانی گەلی کوردستانەوە هەیە کە دەبوو لە رەشنووسەکەدا بنوسرێن. ئەرکی قانووناسانی کوردستانە کە بابەتیانە لە "دیباجە"و بەندەکانی ئەو رەشنووسە بکۆڵنەوە، چونکە پاشە رۆژ گلەییان لێ دەکرێت وخەڵکی دەپرسن بۆ بە شێوەیێکی راستگۆییانە ئاگادارنەکراونەتەوە لە ناوەرۆکی ئەو رەشنووسە.

بۆ یەکەم جار کە "دیباجە"کەم خوێندەوە هەستێکی وام لاپەیدابوو کە کەسانێکی مەزەبی دەستی بالاّیان هەبووە لە دارشتنی ئەو دیباجەیە. وشەو دەستەواژەی وەك "ئینتیفازەی شەعبانی" و "مەرجیعیەتی ئاینی" کە لە لێرەدا بە مەبەستی "مەرجەعیەتی مەزەبی" نوسراوە، ئەو گرووپە مەزەبیانە بەکاریان دێنن کە زۆرینە پێکدێنن لە ناو لیژنەی دارشتنی رەشنووسەکەدا. هەر لەو دیباجەیەدا ناوی "سەرکردایەتی ئاینی" پێش "سەرکردایەتی سیاسی نیشتمانی" هاتووە کە مەبەستیش هەر "سەرکردایەتی مەزەبی"یە.

ئەو گرووپانە لەسەرەتاوە بە بەرنامە کاریان کردووە بۆ ئەوەی بیروراو بۆچوونیان بەسەر دەستووری پاشە رۆژی عێراقدا بسەپێنن. ماوەیەك پاش رووخانی رژێمی بەعسی، لە ژێر ناوی داکۆکی کردن لە خواست و داواکاریەکانی گەلی عێراق، داوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنیان دەستپێکردو دەبێ پەرلەمانی هەڵبژێرراو رەشنووسی دەستووری عێراق ئامادە بکات. ئەو لایەنانە هەرگیز باوەریان بە دیموکراسیەت نەبووە، بەلاّم پرۆسەی هەڵبژاردنیان بەکارهێنا بۆ گەیشتن بە مەبەستی تایبەتی خۆیان. لەباروداۆخی پاش رووخانی رژیم ئەوان دەیانزانی زۆرینەی دەنگەکان بە دەست دێنن، بۆیە دروشمی نووسینەوەی دەستوور لەلایەن پەرلەمانێکی هەڵبژێرراوەوە بوو بە داواکاری سەرەکیان، هەموو لایەنە سیاسیەکانی عێراقی وکوردستانی ناچارکران هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت و لیستی خۆراك وەرگرتن بکرێتە بنەمای ئەو هەڵبژاردنە کە هەموو دەزانین پربوو لە کەمو کورتی. جگە لەوەش، باری ئەمنی لە بەشێك لە ناوچەکانی عێراقدا رێگەیان بە دانیشتوان نەدەدا دەنگ بدەن، ئەم هۆیانە وایکرد کە لیستی "ئیئتلافی" کە نوێنەری لایەنێکی مەزەبین، زۆرینەی دەنگەکان بە دەست بێنن، بەو هۆیەوە بوونە زۆرینە لەناو پەرلەمان و لیژنەی ئامادەکردنی دەستووری هەمیشەیی.

له نووسینێکدا لەژێر ناوی" هەڵبژاردن له عێراقدا دەبێ پاش نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی به عەرەبکردن ڕێکبخرێت" (هاوڵاتی ژماره ١٥١ ی ٣ دیسەمبەری ٢٠٠٣) نووسیبووم " فەتوایێکی ئایەتوڵلا سیستانی که گەورەترین رابەری مەزهەبی شیعەی عێراقە سەبارەت به چۆنیەتی دەستنیشانکردنی ئەندامانی ئەو لیژنەیە که ئامادەکردنی پرۆژەی دەستووری عێراقی پێ دەسپێردرێت بووە هۆی دواخستنی ئەو پرۆسەیە. لەو فەتوایەدا داوای کردووە ئەندامانی ئەو لیژنەیە له ڕێگای هەڵبژاردنەوە دەستنیشان بکرێن، بەبێ تەماشاکردنی باری نائاسایی ئێستای عێراق که ڕێگا به ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنه نادات. باری نائارامی له زۆر ناوچەکانی عێراق و نەبوونی سەرژمێرێکی باوەرپێکراو که دەبێته بنەمای ئەو هەڵبژاردنه گەورەترین کۆسپن له ڕێگای ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنه". " دواخستنی پرۆسەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور له بەرژەوەندی کورد نییە...ئەو گرووپانە داوای هەڵبژاردنی ئەندامانی لیژنەی ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوور دەکەن لەلایەن پەرلەمانەوە". له بەشێکی زۆری دەوڵەتانی جیهاندا سەرەتا داوا له چەند قانوونزانێك کراوه ڕەشنووسی دەستوورێك ئاماده بکەن، ئەوجا هەڵبژاردن ئەنجام دراوه بۆ کۆڵینەوە له ڕەشنووسەکەو پەسەندکردنی.

دوکتۆر کازم حەبیبی دۆستی کورد دەڵێ "زمانی دەستوورەکه زمانێکی ئایینیو مەزهەبیو دواکەوتووه و زەرەر به کۆمەڵگا دەگەێنێ". (خەبات، ژمارەی١٩٠٦ ی ٤ی ئەیلولی ٢٠٠٥). دیباجەکه به درێژژی باس لەو زوڵمانە دەکات که دژ بەعەرەبی شیعه ئەنجام دراون که هەموویان ڕاستن، بەڵام که دێته ناوبردنی ئەو تاوانانەی دژ به گەلی کوردستان کراون و گەیشتوونەته ڕادەی تاوانی جێنۆساید، تەنیا ناوی ئەنفال و بارزانیەکان و هەڵەبجەو کورده فەیلیەکانی هێناوه. کاك فەلەکەدین کاکەیی له وڵامی پرسیارێکدا دەڵێ دیباجەکه لەسەرتادا، پێش گەیشتنی شاندی کوردستانی بۆ بەغدا، بەوشێوەیە نەنوسرابوو، "هەر ناوی هەڵەبجەی تێدا بوو، پاشان ناوی ئەنفال و بارزانیەکان و کورده فەیلیەکانی خرانه سەر". پاشان دەڵێ لەبەرامبەر(ئینتیفازەی شەعبانی) داوامان کرد "هەر هیچ نەبێ بڵێین ١١ ی ئادار، دوو جار نووسیمان، هەر گۆڕا". سەبارەت به ئاماژەکردن بۆ کردەوەکانی ڕژێمی عێراقی پێشوو دەڵێ "ئاماژه بۆ ئەو شەڕانەی تێدا نەبوو که ڕژیم بەرپای کردبوون دژ به دراوسێکانیو کورد، وەکو ئیدانەیەك بۆ ئەو مێژووە، سەیر ئەوەیه ئەوشیان قبووڵ نەبوو، دەیانویست دیباجەکه زیاتر سیمبولی خۆیانی تێدابێ" ( له چاوپێکەوتنێك که هەفتەنامەی (میدیا) بڵاوی کردووەتەوە، ژماره ٢٠٧ له ٦ ی ئەیلولی ٢٠٠٥). دیباجەکه ئاماژەی تێدا نەکراوه بۆ کاوڵکردنی زیاتر له چوار هەزار گوند له کوردستاندا، هەروا بۆ سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادیو گۆڕینی باری دیموگرافی له بەشێکی فراوانی کوردستان. ناونەبردنی ئەو تاوانانە ئاکامی قانوونی لێ دەبێتەوە، حکومەتی ناوەندی پابەند نابێت به دروستکردنەوەی ئەو گوندانەو قەرەبووکردنەوەی دانیشتوانیان. له"دیباجە"کەدا چاومان به ناوی گوندی "بەشیر" دەکەوێت که گوندێکی تورکمانە شیعەکانەو نزیکی شاری کەرکوکە، دەڵێن عەباس بەیاتی ئەندامی لیژنەی دارشتنی ڕەشنووسەکەی خەڵکی ئەو گوندەیە! بەڵام دیباجەکه ئاماژەی بۆ رووخانی ٧٧٩ گوند له ناوچەی کەرکوك نەکردووه که گوندەی بەشیر یەکێکیانە. بەم جۆره ناوی گوندی " بەشیر" دەچێته ڕیزی ناوی هەڵەبجەی شەهیدەوە که ساڵانێکی زۆر ناو دەبرا به "هێرۆشیمای کوردستان".

دیباجەکه ئاماژه بۆ شێوەی دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق دەکات و دەڵێ "ئێمەی گەلی عێراق به هەموو پێکهاتەو ڕەنگەکانیەوە، ئازادانەو به ئارەزووی خۆمان بریاری یەکگرتنەوەمان داوه". ئەم برگەیه باس له یەکگرتنەوه له نێو هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق دەکات و ناوی دوو گەله سەرەکیەکەی نەهێناوه که خاونی خاکن لەم دەوڵەتەدا. له کۆتایی دیباجەکه نوسراوه "پابەندبوون بەم دەستووره دەبێته هۆی مانەوەی عێراق به یەکگرتوویی وەك گەڵ و خاك و سەروەری". ئەم ڕسته به (مەفهومی موخالەفە)، لەگەڵ دەستەواژەی سەرەوه به فراوانی لێکدەدرێنەوه وەك باس له مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان بکەن. پرسیار ئەوەیه ئایا هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان هەیە؟ ئایا لێکدانەوەی ئەو دەستەواژانه بەو شێوەیه ناچێته خانەی (تحميل النص بمعنى لا يحتمله)؟ لێرەدا باس له ئەگەری هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتنامه کراوه گەرلایەنێك ئیلتزامی سەرشانی جێبەجێ نەکات، ئەم مافه هەر تەنیا به کورد نەدراوه، بەڵکو به هەموو پێکهاتەکانی تری عێراقی. مافی چارەی خۆنووسین بەندی ٦١ پرۆژەی ئەو دەستووره که گرووپی کوردستانی ئامادەی کردبوو، ڕاشکاوانه دەڵێ گەلی کوردستان دوارۆژی خۆی دیاری دەکات به ڕێکخستنی ڕێفەراندۆمێك له پاش تێپەربوونی هەشت ساڵ، یان له حاڵەتی ڕوودانی یەکێك لەو چوار حاڵەتانەی که لەو بەندەدا دیاریکراون. ( دەقی ئەم پرۆژەیه به زمانی عەرەبی له "کوردستانی نوێ" ژماره ٣٧٣٦ ی ٣١ ی تەمووزی ٢٠٠٥ بڵاوکراوەتەوە). ئێمه ناڵێین که

دەبوو بەو شێوەیە باس لە مافی چارەنووسی گەلی کوردستان بکرێت لە رەشنووسەکەدا، یان بەو جۆرەی پەیماننامەی (سیڤر)ی نێو دەوڵەتی لە ساڵی ١٩٢٠ دانی پێدا ناوە، بەڵام ئایا بە چەند وشەیێك کە هەموو پێکهاتەکانی عێراق بگرێتەوە ناوی مافی چارەی خۆنووس بۆ گەلی کوردستانی لێ بنێن؟ لە ناوەراستی مانگی ئابی رابوردوودا ئەندامێکی لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور کە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی دەعوەی ئیسلامیە راشکاوانە لە تەلەفزیۆنی "ئەلشەرقیە" وتی ئێمە داوامان دەکرد لە رەشنووسەکەدا بنووسرێ عێراق بە خاك و گەل و سیادەوە شیاوی دابەشکردن نییەو لایەنی کوردستانی داوای چەسپاندنی مافی چارەنووسیان دەکرد، هەروولامان دەستمان لە داواکەمان هەڵگرت وگەیشتینە "تەوافوق" لەسەر ئەوەی رێککەوتووین لەسەری.

بەندی یەکەمی رەشنووسەکە سیستەمی فەرمانرەوایی لە عێراق دیاری کردوەو دەڵێ "کۆماری عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆیە، خاوەن سەروەرییە، سیستەمی حوکم تێدا کۆماری پەرلەمانی دیموکراتی ئیتیحادییە". ئەم بەندە باس لە سیستەمی حوکم دەکات و ناوی کۆماری عێراق بە "کۆماری عێراقی ئیتیحادی" نەهێناوە، بۆیە پاش پەسەندکردنی رەشنووسەکە "کۆماری عێراق" ناوی ئەم کۆمارە دەبێت، وەك سەردەمی حوکمی سەدام. بەندی (٢)ی رەشنووسەکە ئاینی ئیسلامی بە ئاینی دەوڵەت داناوەو شەریعەتی ئیسلام دەبێ سەرچاوەی بنچینەیی قانوونەکان بێ و نابێ هیچ قانوونێك دژ بە فەرمانە نەگۆرەکانی ئیسلام بێت. هەر لەو بەندەدا نوسراوە نابێ هیچ قانوونێك دژی پرنسیپەکانی دیموکراسی یان دژ بەو ماف و ئازادیە سەرەکیانە بێ کە لەم دەستوورەدا دیاریکراون. ئەم بەندە بە شێوازی برگەی (ا)ی بەندی (٧)ی قانوونی کاتی بەرێوبردنی دەوڵەتی عێراق نووسراوەتەوە کە ئیسلامی بە ئاینی فەرمی داناوەو بە بەسەرچاوەی قانوون دانان ونابێت هیچ قانوونێك دژی ئەو فەرمانە نەگۆرانەی ئیسلام بێت کە کۆدەنگیان لەسەرە. لە برگەی دووەمی ئەم بەندەدا هاتووە ئەم دەستوورە زامنی پاراستنی ناسنامەی ئیسلامی دەکات کە زۆرینەی گەلانی عێراق پێکدێنن، هەروا زامنی مافە ئاینیەکانی گشت تاکەکان لە ئازادی بیروباوەرو چالاکی ئاینی دەکات. لە بەندی (٣)ی رەشنووسەکەدا نوسراوە عێراق ولاتێکی فرە نەتەوەیی‌و فرە ئاینی و فرە مەزەبیەو بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی، گەلی عەرەب بەشێکە لە نەتەوەی عەرەب. لەسەر داوای عەمر موسای ئەمینداری جامیعەی گشتی ولاتە عەرەبیەکان و گرووپی سوننە دەستکاری ئەم پەرەگرافە کراوە و بەم شێوەی لێ هاتووە: "عێراق ئەندامێکی دامەزرێنەرو کارای جامیعەی ولاتانی عەرەبەو پابەندە بە میساقەکەی" (رۆژنامەی کوردستانی نوێی ژمارە ٣٧٦٢ ی ٣٠ ی ئابی ٢٠٠٥). ئەو تێکستەی لەسەرەتادا پەسەندکرابوو، لە برگەی (ب)یی بەندی (٧)ی قانوونی کاتی وەرگیراوە، هەرچەندە لێرەدا رستەی "بەشێکیشە لە جیهانی ئیسلامی" خراوەتە سەر. بەندی (٤)ی رەشنووسەکە، وەك بەندی (٩)ی قانوونی کاتی، زمانی عەرەبی و کوردی بە زمانی فەرمی داناوە بۆ عێراق" هەر لەو بەندەدا ئاماژە بۆ بەکارهێنانی زمانی نەتەوەکانی تر کراوە. لە برگەی دووەمی ئەم بەندەدا چوارچێوەو چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەم بەندە دیاریکراوە، بەتایبەتی ناوی ئەو دۆکیمەنتانەی کە دەبێ بە هەردوو زمانی عەرەبی‌و کوردی بنووسرێن. لە بەندی (١٠)ی رەشنووسەکە بۆ یەکەمجار لە دەستوورێکی عێراقی ئاماژە بۆ شوێنە پیرۆزەکان (العتبات المقدسه)و (مەقاماتە دینیەکان) کراوە، مەبەست هەر ئەوانەی تایبەتن بە شیعەوەو دانی پێداناون وەك"قەوارەێکی ئاینی‌و شارستانیی"کە دەبێ دەوڵەت رێزیان لێبگرێ‌و زەمانەتی رێگاپێدان بە مومارەسەکردنی شەعایرە تایبەتیەکانیان بدات کە مەبەستی "شەعایری حوسەینیە"و زیارەتی بە کۆمەڵە بۆ سەر مەزاری ئیمامەکانی ئەو مەزەبە.

دەروازەی دووەمی رەشنووسەکە تەرخانکراوە بۆ مافە مەدەنی‌و سیاسیەکان کە لە بەشی زۆری دەستووری ولاتەکانی دونیادا بەو شێوەیە یان بە شێوەیەکی نزیك لەو شێوەوە دارێژراون. برگەی (ا)ی (یەکەمی) بەندی (٤٠) جارێکی تر باس لە مومارەسەکردنی (شەعائیری) ئاینی ئازاد دەکات، ناوی (شەعائیری حوسەینی) دێنێ، کە ئەو هەستەمان لا دروست دەکاتەوە کەسانێکی سەر بە مەزەبی شیعە دەستێکی بالایان هەبووە لە نووسینەوەی ئەو رەشنووسەو دیباجەکەی.

دەروازەی سێیەم تایبەتە بە دەسەلاتەکانی دەزگاکانی حکومەتی فیدرالی کە وشەی(ئیتیحادی) لە جیاتی بەکارهێناوە. بەندی (٤٧) باس لە دەسەلاتی دانانی قانوونی ئیتیحادی دەکات و دەڵێت دوو جۆرە ئەنجومەن هەن: ئەنجومەنی نوێنەران (مجلس النواب) کە دەستووری عێراقی ساڵی ١٩٢٥ ئەو ناوەی لێنابوو، لەگەڵ ئەنجومەنی (ئیتیحادی) کە لە دەستووری بەشێك لە دەوڵەتە فیدرالیەکان بە (سێنا)، (پیران) یان (ئەنجومەنی هەرێمەکان) ناو دەبرێ. بە گوێرەی دەستووری بەشێکی زۆر لە دەوڵەتە فیدرالیەکان، دەسەلاتی قانووندانان و چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتی فیدرالی لەگەڵ ناولێنانی سەرۆك و ئەندامانی دادگا سەرەکیەکان و بالوێزو کارمەندە پایە

بەرزەکان بە هەردوو ئەنجومەنەکە دراون، یان بە ئەنجومەنی (پیران)، بە پێچەوانەوە، لەم رەشنووسەدا دەسەلاتەکان هەموویان بە (ئەنجومەنی نوێنەران) دراون کە ئەندامەکانی لەلایەن هەموو گەلی عێراقەوە هەڵدەبژێردرێن، وەك (كۆمەلەی نیشتمانی عێراقی) ئێستا. کورد لە بەر ئەوەی بە ژمارە لە عەرەب کەمترن، بۆیە هەر کەمینە دەبن لەناو ئەو ئەنجومەنەدا. بەم شێوەیە بەشی هەرە زۆری دەسەلاتەکان دەکەونە ژێر دەستی ئەو ئەنجومەنەی کە ئەندامەکانی لەلای تێکرای گەلی عێراقەوە هەڵدەبژێردرێن. بەندی (٤٨)ی رەشنووسەکە شێوەی پێکهاتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی دیاریکردووە و نووسیویەتی ژمارەی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە بە پێی نفووسی عێراق دیاری دەکرێت، کە هەر سەد هەزار عێراقی نوێنەرێکی دەبێ. ژمارەی نفووسی کورد لە عێراقدا هەر ئەو رێژەیە بە دەست دێنێ کە لە هەڵبژاردنی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ ( ٧٧) ئەندام لە کۆی (٢٧٥) بە دەستهێناوە، گەر کەمتر نەبێ. بەندی (٥٩)ی رەشنووسەکە دەسەلاتەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی بەم شێوەی خوارەوەی دەستنیشانکردووە:

١. دانانی قانوونە ئیتیحادیەکان، بێ ئەوەی باس لە بەشداریکردنی ئەنجومەنی ئیتیحادی بکات.بۆ دانانی ئەو قانوونانەی کە هەموو عێراق دەگرێتەوە.

٢. چاودێری کارەکانی دەسەلاتی راپەراندن، واتا حکومەتی ناوەندی، لێرەشدا ئەو دەسەلاتە هەر بەو ئەنجومەنە دراوە.

٣. پرۆسەی پەسەندکردنی پەیماننامەو رێککەوتنامە نێو دەوڵەتیەکان بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامی ئەم ئەنجومەنە، هەر وەك بلێی ئەنجومەنێکی تر نییە بە ناوی ئەنجومەنی ئیتیحادیەوە کە نوێنەرایەتی هەرێم و پارێزگاکان دەکات کە پێویستە ئەویش بەشدار بێت لەم پرۆسەیەدا .

٤. رەزامەندی نیشاندان لەسەر ناونانی سەرۆك و ئەندامانی دادگای تەمییزی ئیتیحادیو سەۆرکی داواکاری گشتیو سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری دادوەریی بە زۆرینەی رەها، لەسەر پێشنیازی (ئەنجومەنی بالای دادوەری) کە هەمیشە ئەندامە کوردەکانی کەمینە دەبن تێیدا. هەروا پەسەندکردنی ناولێنانی سەفیرو خاوەن پلە تایبەتەکان، لەسەر پێشنیازکردنی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیتیحادیو ناولێنانی سوپاسالارو یاریدەرەکانیو ئەوانەی لە پلەی سەرکردەی فیرقەو بەرەوژوورن لە ناو لەشکری عێراقدا، هەروا ناولێنانی سەرۆکی موخابەرات، لەسەر پێشنیازی ئەنجومەنی وەزیران.

٥. لێپرسینەوەی لە سەرەك کۆمار لەبەر رۆشنایی داوایەك کە هۆیەکانی روون بن و بە دەنگی زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە پەسەندکرابێ.

٦. لابردنی سەرۆك کۆمار بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، پاش تاوانکردنی لەلایەن دادگای بالای ئیتیحادیەوە، لە چەند حاڵەتێکی دیاریکراودا.

٧. پرسینەوە لە سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیتیحادی سەبارەت بە دەسەلاتەکانیان. هەڵبەتە هەر ئەم ئەنجومەنە باوەر بە حکومەتی ئیتیحادی دەدات و دەتوانێ لێی وەربگرێتەوە، یان لە یەکێ لە وەزیرەکان.

٨. پرسینەوە لە بەرپرسیارانی دەزگا تایبەتیەکان و لابردنیان لەسەر کارەکانیان، بەو شێوەی لەگەڵ وەزیرەکان دەکرێت.

٩. بەسەندکردنی بریاری شەرو باری نائاسایی بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە، لەسەر داوایکی هاوبەش کە لەلایەن سەرەك کۆمارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە کرابێ. هەروەها راگەیاندنی باری نائاسایی بۆ ماوەی ٣٠ رۆژ کە دەشێ درێژ بکرێتەوە. ئەنجومەنی نوێنەران دەتوانێ دەسەلاتی تایبەت بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بدات تاکو بتوانێ ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات لە حاڵەتی شەر یان راگەیاندنی باری نائاسایی کە ئەمانەش هەموویان بە قانوون دیاری دەکرێن و قانوونەکانیش هەر ئەو ئەنجومەنە پەسەندیان دەکات .

١٠. پەسەندکردنی بودجەی گشتیو دەستکاری کردن لە نێو دەروازەکانی یان زیادەکردنی ئەو پارەی تەرخانکراوە بۆ سەرف کردن.

١١. بە پێی بەندی (٦٨)ی رەشنووسەکە، سەرەك کوماری عێراقیش لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، بە دوو لەسەر سێی دەنگی ئەندامانی هەڵدەبژێردرێ. گەر کەسێك لە کاندیدەکان لە دەنگدانی یەکەمدا ئەو رێژەی بەدەست نەهێنا، لە دەنگدانی دووەمدا دوو کاندید دەمێننەوە کە ئەوەی زۆرینە بەدەست دەهێنێ، ئەویان دەبێ بە سەرەك کۆمار. سەرەك

کۆمار گەر بیەوێ دەست لەکار بکێشێتەوە، دەبێ داواکەی ئاراستەی ئەم ئەنجومەنە بکات. سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران جێگای سەرەك کۆمار دەگرێتەوە گەر جێگری نەبوو تا ئەو دەمەی سەرۆك کۆمارێکی تر هەڵدەبژێردرێ (بەندی ٧٣).

ئەم هەموو دەسەڵاتانە تەنیا بە ئەنجومەنی نوێنەران دراون کە نوێنەرایەتی هەموو دانیشتوانی عێراق دەکات. ئەنجومەنی دووەم کە بە ئەنجومەنی ئیتیحادی ناوبراوە یەك بەندێکی بۆ تەرخانکراوە کە بەندی (٦٣)یە کە دەڵێ: (یەك): ئەنجومەنێکی قانووندانان بە ناوی (ئەنجومەنی ئیتیحادی) دروست دەکرێت کە ئەندامانی نوێنەرانی هەرێمەکان و پارێزگاکان دەبن بۆ تەماشاکردنی ئەو پرۆژە قانوونانەی پەیوەندیدارن بە هەرێمەکان و پارێزگاکانەوە. (دوو): قانوونێك دەردەچێت تایبەت بە دروستکردنی ئەم ئەنجومەنەو دیاریکردنی مەرجەکانی ئەندام بوون لەو ئەنجومەنەدا و دەستنیشانکردنی دەسەڵاتەکانی وهەر کارێك پەیوەندی بەوەو هەبێ. دووبارەی دەکەینەوە کە ئەم قانوونە لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە پەسەند دەکرێت، گەر پەنا نەبەینە بەر پرەنسیپی "تەوافوق" ئەوا ئەو دەسەڵاتانەی بە ئەنجومەنی دەدرێت نازانین چۆن و چەند دەبن. هەمان بۆچوون راستە سەبارەت بە دەستنیشانکردنی پۆستە سیادیەکانی لە عێراقدا کە کورد بە زۆرینەی دەنگ بێ هیچیانی بەرناکەوێ، مەگەر "تەوافوق" رەچاوبکرێت، ئەویش نازانین تاکەی پەیرەوی پێ دەکرێ، چونکە ئەم دەستووره بۆ ماوەیێکی دیاری نەکراو پەسەند دەکرێ. پۆستە سیادیەکان چوارن: سەرەك کومارو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی نوێەرایەتی و سەرۆکی دادگا سەرەکیەکان. ئەم راستیانە دەخەمە بەرچاو چونکە باوەرم بەلایەنی بەرامبەر نەماوە، هەڵوێست و بۆچوونیان چ لە بەغداو چ لە کوردستان لەبەرچاون، گەر پێویستیان بە "تەوافوق" مابێ دێنە پێشەوە، بەڵام کە کاریان پێی نەماو هەست بکەن بەهێزتر بوون، نامان ناسنەوە، ئەمەش هەڵوێستیان بووە لە کۆنەوە تا ئەمرۆش.

بەندی (١٠٨)ی رەشنووسەکە دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی دیاریکردووە بەم شێوەی خوارەوە:

١. دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوەو نوێنەرایەتی دیپلۆماسیو گوفتوگۆکردن سەبارەت بە بەستنی پەیماننامەو رێککەوتنامەی نێو دەوڵەتی و سیاسەتی قەرز وەرگرتن و مۆرکردنی ئەو پەیماننامانەی لەو بارەوە دەبەسترێن، لەگەڵ دیاریکردنی سیاسەتی ئابوریو بازرگانیی دەرەوەی سیادی.
٢. دارشتنی سیاسەتی ئەمنی نیشتمانیو جێبەجێکردنی کە دامەزراندنی هێزی چەکداریش دەگرێتەوە، لەگەڵ بەرێوەبردنیان بۆ حیمایەو دەستەبەرکردنی سەلامەتی سنوورەکانی عێراق و داکۆکیکردن لێیان.
٣. دیاریکردنی سیاسەتی داراییو گومرگی ودەرهێنانی دراوو رێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لە رێگای سنووری هەرێمەکان و پارێزگاکانەوە، لەگەڵ دانانی بودجەی گشتی بۆ عێراق و دیاریکردنی سیاسەتی دراوو دروستکردنی بانکێکی ناوەندیو بەرێوەبردنی.
٤. رێکخستنی کاروباری پەیوەند بە پێوانەو کێشان و تەرازووەوە.
٥. دانانی بودجەی گشتی بۆ عێراق.
٦. پلاندانان بۆ سیاسەتەکانی پەیوەندیدار بە سەرچاوەکانی ئاو لە دەرەوەی عێراق، لەگەڵ زامنکردنی رێژەکانی هاتنی ئاو بۆ عێراق بەگوێرەی قانوون و دابە نێودەوڵەتیەکان.
٧. رێکخستنی ئامارو سەرژمێری گشتی لەسەر ئاستی عێراق.
٨. نەوت و گازی دەرهێنراو مولکی هەموو گەلی عێراقە، بۆیە حکومەتی ناوەندی سەرپەرشتی دەرهێنان و ئیدارەو فرۆشتنیان دەکات، بەهاوکاری لەگەڵ هەرێم و پارێزگاکانی پەیوەندیدار.

کۆمەڵێك دەسەڵات لە بەندی (١١١) رەشنووسەکە دیاریکراون کە بە هەماهەنگی لە نێو حکومەتی ئیتیحادیو هەرێمەکان ئەنجام دەدرێن.

بەندی ١٣٦ کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی بەندی ٥٨ قانوونی کاتی بەرێوەبردن دەبێ تا ٣١ کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ ئەنجام بدرێت، برسیار لەوەدایە چ زمانەتێك لەبەردەستایە بۆ ناچارکردنی حکومەتی داهاتووی عێراق کە ئەویش وەك هەردوو حکومەتی عەللاوی و جەعفەری نەکات؟ لەم ماوەدا حکومەتی بەغدا بەهێزتر دەبێت و زیاتر دەچەسپێت. بە پێی قانوونی کاتی بەرێوەبردنی دەوڵەتی

عێراق نەدەبوو هەرێمێك لە سێ پارێزگا زیاتر بێ، مەبەست هەر کەرکوك بوو تاکو نەخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، هەروا ناوی پارێزگای کەرکوك و بەغدا دیاریکرابوون کە نابێ بخرێنە سەر هەرێمێکی تر. بە پێی پەرەگرافی دووی بەندی ١١٤ رەشنووسەکە تەنیا پارێزگایەك دەتوانێ هەرێمێك پێکبێنێ بە چەند مەرجێکی دیاریکراو. لە راستیدا ئەم دوو بەندە جیاوازە بۆ حاڵەتێکی تایبەتی دانراون، بەلام بە شێوازی جیاو بۆ گەشیتن بە هەمان مەبەست کە مانەوەی کەرکوکە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان. دوا وشەم سەبارەت بە پێکهێنانی چەند لیژنەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك ئەوەیە چاکترە کارەکان بە پەرتوبلاوی نەجام نەدرێن و هەر یەکە لەلایەکەوە کار نەکەن، ئەو لیژنانە کەم بن بەلام چالاك بن.

١٥ ئەیلولی ٢٠٠٥